# ئازادی بۆ مەلا کریکار!

حەمید کەشکۆلی



هەوالەکان رایانگەیاندوە کە لە رۆژی پینجشەمموی ١٣ی سیپتەمبەردا پۆلیسی هۆلەندی، ولاتیی کوردی ئیراقیان نجم الدين فرج أحمد ی – ٤٦سالە–ی ناسراو بە مەلا کریکار، ئەمیری جەماعەتی " أنصار الاسلام " پاش ئەوەی حکومەتی ئیران روخسەتی مانەوەی لەوێ نەداوە دیپورتی کردووە، لەفرۆکەخانەی ئەمستردام دا بە تومەتی گومانی پیوەندی بە رایەلەی تەشکیلاتی " القاعدە" ەوە دەسگیر کردووە. دەوجا ناونیشانی وتارەکەمتان پی سەیر نەبی، چونکە پیم ناخۆشە دەسەلاتدارانی راسیستی تیرۆریستی ئیمپریالیستی ئۆروپا خەلکی تر بە تیرۆریست لەقەلەم بدەن و بەو گومانە بیانگرن، قەبوولکردنی درۆودەلەسەی وان شەرعییەتدانە بە هەمو ملهوری و ان و پاکانەیە بۆ جینایەتەکانیان لەهەق گەلانی ژیردەست.

حکومەتی نۆرویج ئیقامەتی مەلا کریکار–ی لە ٢٨ ئۆگوستۆسی ئەم سالەوە لەغو کردوە. هەنووکەش "ئارڤید شویدین" ی ئاووقات کە ئەرکی پاراستنی مەلا کریکار–ی وەستۆ گرتووە، بۆ ئاژانسی ن. ت. ڤ رایگەیاندووە کە دەبی حکومەتی نۆرویج بریاری بیبەریکردنی موکلەکەی لە مافی پەنابەری هەلوەشینیتەوە لەبەر نەبوونی پاساوی قانوونی و شەرعی، لەبەر ئەوەش مەلا کریکار ئەگەر بۆ ئەمریکا کە داوای کردووە رەوانە بکریت رەنگە حوکمی ئیعدامی بەسەر بدری، ئیرانیش وەری ناگریتەوە و لە عیراقیشدا حوکمی ئیعدام هەیە. هەردو حکومەتی هۆلەند و نۆرویج لەراست رای گشتی زۆر شەرمەزارن.



بەدوای عەمەلیاتە تیرۆریستەکەی ١١ی سیپتەمبەرەوە حکومەتەکانی ئەمریکا و ئۆروپا بەراشکاوی پیشیلی مافەکانی ئینسانی و ئازادییەکانی مەدەنی دەکەن. لەو رۆژانەشدا وەزیرەکانی "داد" و ناوخۆ لە کۆپنهاگن ی پایتەختی دانمارکدا کۆدەبنەوە بۆ مۆرکردنی ریکەوتننامە تیرۆریستیانەکەی "شینگن"، بەپیی ئەم ریکەوتتە نائینسانیینەوە پۆلیس و جەندرمەکانی ئۆرۆپاو ئەمریکا بۆیان دەبێ هەر کەسیکی شەرقی بەبی بەلگە و بەبی ئەوەی هیچ کاریکی ناقانوونیشی ئەنجام دابیت، بۆ بیحورمەتی و سوکایەتی، بیگرن و دە زیندانی توندی بکەن. کاری نائینسانی دژی خەلکی عەرەب و موسولمان یان رۆژهەلاتی – هەلبەتە کوردەکەش لە پیش هەموویانەوەیە– لە نوختەکانی کۆنترۆلی فرۆکەخانە و گومرگەکاندا هەمیشە کراوە بەلام بەدوای ١١ سیپتەمبەرەوە زۆرزۆر بوە و دەیانەوی لیفەیەکی یاسایی و شەرعی بەسەریادا بدەن. اەوانەی لە هەشتاکانەوە لە سویدی دەژین باشیان لەبیرە چۆن پاش کوژرانی ئۆلۆف پالمەهەمو کورد و فەلەستینی کەوتبوونە بەر گومانی پۆلیس و مالەکانیان لە ژیر چاوەدیری و جاسوسی بووە. ١١ی سیپتەمبەریان کردوەتە قەمیسەکەی عوسمان بۆئەوەی هەرچەند پییان دەکری مافەکانی خەلکی بەرەگەز خارجی لەژیرپی نین و بەئاشکرا لە هەمو بوارەکانی ژیاندا بیانخەنە پەراویزی کۆمەلگە و بەبی ئەوەی هیچ تاوانینیکیان کردبیت بە گوناهبار و جینایەتکار دایان بنین، سەبارەت بەم دیاردە دزیوەش نموونەگەل وەك کا زۆرن. ترس و

خۆف و خەفەقان بالی بەسەر تەواوی خارجیان نەخەلەسە رەگەز رۆژهەلاتی گرتوە، بەرادەیەك هەنووكەش وا چاودیران دەبینن خەلكی ناوێرن دیفاع لە خۆیان بكەن، تەنانەت هاوڕییەكانی هاوولاتیی دەستگیراوكراویش تۆقیون و باسی ناكەن نەكا مۆركی تیرۆریستییان بە تەویلیان بكوتن. ئەگەر ئەوە تیرۆر نەبی، ئیتر چ تیرۆرە؟؟



گرتنی مەلا كریكاریش پێشیلكردنی مافی مەدەنی و ئازادی شەخسییە كە ولاتانی ئیمپریالیستی بە بناغەی حكومەت و روحی دەستوورەكانیان دادەنێن و شانازیان پیوە دەكەن. گرتنی وی بەهیچ كلۆجیك پێوەندی بە جینایەتەكانی دژی مرۆڤ كە لە كوردستاندا كراون پێوەندی نییە.

جینایەتە تۆقینەرەكەی دۆلی حەمە سەرەرای ئەو هەمو هەولەی میدیەكانی یەكیتی و تەشكیلاتی دەرەوەو ناوەوەی ولاتی بۆ ریسواكردنی و مەحكومكردنی لەلایەن كۆروكۆمەلی ئۆرۆپایی و ئەمریكی، سەرنجی كەسیكی ئۆرووپی یان ئەمریكی رانەكیشا، لە ماسمیدیكانیش لە كوولەكەی تەریشدا ناویان نەهینا، تەنها خەلكی جاریك گوییان لە دەنگوباسی ب. ب. سی بوە هەوالەكەی خویندەوە كە دوكتۆر گۆران تالەبانی بۆی رەوانە كردبو. ئیمە كورد هەگەر بەتەواویش یەكتریمان قران كردبیت، هیچ كیشەیەك بۆ ولاتانی ئۆرووپی و ئەمریكی ناخولقینی، هیچ بەزەییان پیمانەوە نایەتەوە، سیاسەتی وان لەم بارەیەوە دەلی ئەوە ترادیسیۆن وسوننەتی خۆتانە، خۆتان چارەی كیشەی خۆتان بكەن!!

هەندی كۆروكۆمەل خوشحالی خۆیان دەربریوە بۆ گیرانی مەلا كریكار، بەتایبەتی حزبی كۆمونیستی كریكاری كە لە وتاری بەریزان سكرتیری كۆمیتەی مەركەزی ریبوار احمد و رزگار شەیبانی دیارە، وەك بلیی ئیمپیالیزمی ئۆرووپی لەبەر جینایەتەكانی تیرۆری چالاكەكانی چەپ و ژنكوژی و لەپیناوی چەسپاندنی ئازادییەكان لە كوردستاندا، مەلایان دەسگیر كردبیت. حزبی كۆمونیست لە هەموومان باشتر دەزانن كە كۆروكۆمەلی سەرمایەداری ئۆروپا بە یەك چاو دەراننە هەموان، چ كۆمونیست بیت چ تالیبان، با ریش تاشراویش بیت، دوای هەر قەیرانیكی سیاسی دژی غەربی، مەسیحیەكانی رۆژهەلاتی ناوەراست هەوەل قوربانی زەبری تۆلەی راسیستانەی ئۆرۆپیەكان بوونە، هیرش كراوتە سەر كەنیسەكانیان هەرچەندیش دەزانن مزگەوت نین.



شوراتسكۆف قەتلوعامی گەلی بی گوناحی عیراق ی كرد بە كوشتنی پتر لە ٢٠٠هەزار كەس لە خەلكی سیڤیل، تەنانەت ٢٠ هەزار عەسكەری ئەسیری بە بلدۆزەر زیندەبەچال كردوە، لە كتیبەكەی بەناوی " زریانی بیابان" بەزمانی خۆی دەلی كوشتنی خەلكی مەدەنی عیراق بە هەلە ئەنجام نەدراوە بەلكو بە بریارو بە سبق اصرار بوە، لەبەر ٣ هۆ، یەكەمیان صدام چەند موشەكیكی بەسەر ئیسرائیل هاویشتوە، دوەم كویت-یان داگیركرد، ٣ هەمەكەیشیان صدام-یان كردوە بە سەرۆكی خۆیان. ئەم جینایەتكارە وەك قارەمانی دنیای دیموكراسی و پاریزەری ئازادی سەیر دەكری.

نزار خزرجی بۆ ناگیری، كە هەمو دنیا ئاگادارە لە تاوانەكانی و هیچ زەحمەتیكیشی نییە بیگرن چونكە لە دانمارك دەژی وەك پەناهەندە لەگەل خیزانەكەی؟؟

www.kurdistannet.org

www.kurdistannet.org
18-9-02 02:33:44

تەنیا مەلا کریکار دژی ئازادی ژنان نییە، ئورۆپا لە کەسیکی کورد و رۆژهەلاتی ناپرسی و نەپیرسیوە چ هەلویستیکی هەبیت لە ژن. خۆ تەنیا ئەو نییە کە باوەری بە دیموکراسی نەبی، ئەمریکا رۆژیك گلەییەکیان لە دۆستە سعودییەکانیان لەبەر بیحقوقی ژن و چەوساندنەوەیان نەکردوە کە هەموومان دەزانین ژن لەو ولاتەدا تەنانەت مافی سیارە ئاژوشتنیشی بۆ نییە. سەیرە ئوردنیش داوای کردوە مەلایان پی تەحویل بدەنەوە، ئوردونیك کە گەورەترین قەسابخانەی ژنانە لە دنیایێ.

من لیرە نەهاتووم پاکانە بۆ مەلا کریکار بکەم، ئەگەر هەرکەس بەلگەی پییە هەر تاوانیکی کردبیت بە تەواوی هەقی هەیە بەو پییە سکالانامەی دەرهەقی وی بەرز بکاتەوە، بەلام داواکردن لە خوینمژانی ئیمپریالیست تۆلەی هەقخوراوان بکاتەوە بە کاریکی نابەجی و نامەعقوول دەزانم. ئۆرۆپایك کە لەسەر بەدبەختی گەلانی دیکە هەلسابیتەوە، بنەرەتەکەی بە کەللەسەرو خوینی ملیونها ئینسان داریژرابی، ئۆروپایەك هەمو رەفاهییەتی لە کویلەکردن و اغتصابی گەلانی ئەفریقا و ئاسیا و لاتین ئەمریکا سەرچاوەی گرتبیت. با حکومەتی کوردستان ئەو شەهامەتەی هەبیت لە هاوولاتی خۆی بپرسیتەوە، هەر تاوانیکیشی کردبیت با لە محکمەیەکی نزیە وبیلایەن دادگا بکری، با تاوانبارکراویش هەقی تەواوی دیفاعی هەبیت.

لە دواییشدا با بلیم کە من لیرە تەنیا دیفاع لە راستیەکان دەکەم، دەنا هیچ شتیکی هاوبەشم لەگەل مەلا کریکار و رەوتەکەی نییە، هەر هیچ نەبی لە مالیکی شیعەمە کە "ابن تیمیە" تیوریسینی رەوتەکەی مەلا کریکار پیش سەدان سال شیعەی بە لادەر لەریراست داناوە و پییان دەلین رافزی. هەرچونیش بیت باوەرم بە مەحال نییە، ریی تیدەچی توندرەو نەرم بیتەوە، زۆریش ئاساییە لە هەر کومەلیکدا رەوتی توندرۆ هەبیت چ دینی چ عەیرە دینی ریی شی تیدەچێ لە کۆمەلی مەدەنی کوردستان کە گەلی کورد بۆی تیدەکۆشی رەوتەکەی مەلا کریکاریش جیی خۆی هەبیت، ئازادی خەلکی دیکەی پی قەبوول بی چۆنکە خەلکی دیکەش مافی ئازادیی وانیان پی قەبوول دەبی و﴿لکم دینکم ولی دین﴾. ئەزموونی ژیان بۆی سەلماندین سرینەوەی ئەوی دیکە کاریکی بی کەلکە و زەرەری گەورەیە بەتایبەتی لەم سەردەمەدا.

٢٠٠٢-٠٩-١٦